# دێوجامەی دیموکراسی و گاڵتەجاری هەڵبژاردن

**ماڵ بە کۆڵ**

دوێنێ لە ڕێوڕەسمێکی ئاینیدا کابینەی تازەی حکومەت لە ئەفگانستان لە هۆڵی کۆبونەوەی شالیاران بەڕێوەبرا، هەر لە )کازایی) سەرۆکی حکومەتەوە تا دەگاتە شالیانی قات لەبەر و ژنانی سەرپۆش لەسەر و ئاخوند و سەرۆکخێڵە ڕیشنەکان، تێیدا بەشداربوون. لەناوەڕاستی هۆڵەکەدا تابلۆیەک کە چەند ئایەتی قورئانی تێدا نوسرابوو، هەڵواسرابوو، لەبەردەم هەر شالیارێکدا بە ڕیش و بێریشەوە قورئانێک دانرابوو، کەزایی لەوسەرەوە لەبەر ڕۆشنایی شەریعەتی ئیسلامدا بەندەکانی دەخوێندەوە و ئەوانیش دەستی ڕاستیان لەسەر قورئانەکە دادەنا. لەوانەیە بڵێی ئەمە بەئێمە چی؟ لەوەڵامدا دەڵێم مەگەر هەردوولامان لەلایەن ئەمریکاوە دیموکراسیمان بە دیاری بۆ نەهێنراوە ؟ ! بڕیارە لە یانیوەری 2005 دا کوردستان و عیراقیش لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە حکومەتێکی لەو چەشنە دامەزرێنن .وەک دەزانین لە ئەفگانستان پێش دەنگدان خەڵکانێکی فرە کە خۆیان کاندید کردبوو، کشانەوە و لەکاتی هەڵبژاردنەکەشدا کەسانێک کە لەناو لیستی کاندیدەکاندا مابوونەوە، نارەزایەتیان دەربڕی و فرتوفێڵ و دزەکاری و شێواندنی پرۆسەی هەڵبژاردنیان لەلایەن (کازایی)ەکانەوە ڕاگەیاند. بەمجۆرە کابینەیەک دەرچوو کە 100% گوێبژێری دیموکراتیانەی ئەمریکا بوون و ئینجا بەڕێوبەرایەتی (شەریعەت و خێڵ)یان دامەزراند. لە کوردستان و عیراقدا کە بڕیارە شوێنپێی ئەوان بگرینەبەر، هێشتا هیچ نەبووە، پارتە تەواو عەیار دیموکراتەکانی کوردستان 41% بە 41% یان بۆ خۆیان و 9% یشیان بۆ یەکگرتووی ئیسلامی کە دایکی گشت هێزە توندڕەوە ئیسلامیەکانە، داناوە و دەشڵێن بەشداریکردن لە دەنگداندا بۆ چاوەسەری کێشەی کورد چارەنووسسازە، ئەمە با گەڕەلاوێژی هێزە ئیسلامیە سونیەکان و شیعەکان لەولاوە بوەستێ کە هەر لە ئێستاوە مژدەی کۆماری ئیسلامی عیراق بە شێخەکانی سعودیە و ئاخوندەکانی ئێران دەدەن . بەبڕای من لەم پیشێلکردنەدا ، لەم سیناریۆ و گاڵتەجاریەدا تەنیا ئەو هێزانە تاوانبار نین کە فریوی جەماوەر دەدەن، بەڵکو هەر دەنگدەرێک و دەنگهەڵخرێنەرێک بۆ پارتە سیاسیەکان بە عەلمانی و ناعەلمانییەوە، لەم پرۆسەیەی سەرکوتکردنی ویست و خەونی جەماوەر چ لە کوردستان و چ لە عیراق، تاوانبارە. بۆیە بە تەنیا ڕەخنەگرتن لە پارتەکان، ناتوانێ ڕێگربێ لەو گاڵتەجاریە، بەڵکو دەبێ ڕەخنەش ئاراستەی ئەو جەماوەرە فریوخواردووە بکرێ، کە بوونەتە لۆمپنی پارتە سیاسیەکان و لەمپەری ڕەوتی چارەسەری کێشە نەتەوەیی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فەرهەنگیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و عیراق. بە بڕوای من بەشداری نەکردنی گاڵتەجاری هەڵبژاردن و دەستدانە نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر ئەو پیلانانە، هەر لە ئیمزاکۆکردنەوە و بایکۆتی ڕاگەیاندنی پارتەکانەوە تا دەگاتە مانگرتنی گشتی، دەتوانرێت خواستی جەماوەر ، توانای جەماوەر، چارەسەری جەماوەر بسەپێنێ نەک تەنیا بەسەر یئک و پدک دا بەڵکو بەسەر دەوڵەتی کاتی عیراق و ئەمریکا و ڕێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتووەکان ناسراو بە (نەتەوەیەکگرتووەکان)

ئەی بۆچوونی ئەنگۆ لەمبارەوە چییە ؟